# ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق و

# خەونی کوردستانێکی سەربەخۆ[1]

ڕەسوڵ عەولا

من لە سەرەتای 1960 ەکاندا لە لادێیەک لە باشووری هەولێر لەدایک بووم. پێش ئەوەی پێبگرم و فێری دایە و بابە و بڤە و نان و ئاو بم فێری `کوردستان یان نەمان` بووم بەبێ ئەوەی لە مەبەستی ڕستەکەش بگەم. پێش ئەوەی بزانم دڵ چیە فێربووم کە `کەرکوک دڵی کوردستانە`. پێش ئەوەی بزانم خوشک و برایەتی چیە واتێگەیەنرام کە `کورد و عەرەب برایە'. هێشتا نەمدەزانی ئەورووپا هەیە پێکەوتم کە بەریتانیا و فەرەنسا لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان بەگوێرەی ڕیکەوتننامەی لۆزان لە 1923 کوردستانیان بەش بەش کرد و کوردیان بێبەش کرد. تێگەکانی 'خەبات'، 'شۆرش'، 'بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی' 'مافی بڕیاری چارەنووسی خۆ' ئەوەندە نوسرانەوە و ئەوەندە بەرگوێکەوتن لێمان بوون بە پەڕەی قورئان. هەزاران هەزار لاوی دڵسۆز گیانی خۆیان لەژێر دروشمی 'کوردستان یان نەمان' واتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کردە قوربانی.

بە باشی دەزانم کە باسەکەم بە پێناسەی 'دەولەت' و ڕوونکردنەوەی هەندێ پرینسیپی گرنگ کە پەیوەندیان بە سەرووەری و سەربەخۆیی دەولەتەوە هەیە دەستپێبکەم. بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی کە لە ساڵی 1864 ەوە پەیرەودەکرێ دەوڵەت بریتیە لەو ئیدارەیە یان ڕێکخراوە یان ئەو دەزگایەی کە کۆنترۆڵی بەسەر ئەوکەسانەدا هەیە کە لەسەر خاکێکی دیاریکراودا دەژین. بەواتایەکی دیکە مەرجە هەرە سەرەتایی و بنەڕەتیەکانی بوونی دەولەت بریتین لە بوونی خاکێکی دیاریکراو یان سنووردار، ژمارەیەک مرۆڤ کەلەسەر خاکەکەدا بژین و ئۆرگانێک- بۆ نموونە سوپپایەک- کە دانیشتوانی سەر ئەوخاکە دیاریکراوە کۆنترۆڵ بکا و هاوکات لە دەستدرێژی و پەلاماردان بیانپارێزێ. دەوڵەت بریتییە لە ژمارەیەک ئۆرگان و دامودەزگا و ڕێکخراوە.

لە هەموو دەولەتێکدا دەبێ حکومەتێکیش هەبێ کە سەردار و سەرپشک بێ و کۆنترۆڵی دەزگاکانی دەوڵەت و خاک و ئاسمان و ئاوی وڵاتیش بکا. گرنگ نییە چۆن ئەو حکومەتە، یان سەرەک کۆماری یان پاشای ئەو وڵاتە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. دامودەزگاکانی دەوڵەت یان حکومەتەکە دەبێ ئەوەندە پێگەیشتووبێ کە بتوانێ پەیوەندی دیبلۆماسیش لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا ببەستێ.

هەروەکو ئاشکرایە ئەم پرینسیپانە لە هەموو کات و شوێنێکدا بە دیققە پەیرەو نەکراون. دانپێنانی کیانێک وەکو دەوڵەت زیاتر هەڵوێستێک و بڕیارێکی سیاسیە وەک پەیرەوکردنی یاسای نێونەتەوەیی. سەرەڕای ئەوەش بە ئەندازەیەکی زۆر ڕێز لەم پرینسیپانەی سەرەوە گیراوە.

خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە 'سەرووەری' دەوڵەتە. دەوڵەت دەبێ لە چوارچێوەی سنوورەکەی خۆیدا باڵاترین ئۆرگان و دەسەڵات بێ و نابێ سەر بۆ هیچ لایەنێک دابنوێنێ و هیچ لایەن و ڕێکخراوێک لە خۆی بە بەرزتر ببینێ. ڕوویەکی دیکەی پرینسیپی 'سەرووەری' وابەستەیە بە پەیوەندی دەوڵەتەوە لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە و ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی نێونەتەوەییەوە. بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی هەموو دەوڵەتێک سەرووەرە بەومانایەی کە هیچ دەوڵەتێکی دیکە یان هیچ ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی مافی ئەوەیان نییە دەست لە کاروباری ناوەوەی دەوڵەتێک وەربدەن. ئەوە یەکێکە لە پرینسیپە هەرە گرنگ و 'پیرۆزەکانی' نەتەوەیەکگرتوەکان.

---

1. بۆ نووسینی ئەم وتارە زۆر سوود لە نوسینەکان و کۆڕەکانی بەڕێز دکتۆر بورهانەدین یاسین وەرگیراوە.

بەگوێرەی دەستووری نەتەوەیەکگرتوەکان پرینسیپێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە ئەندامانی ڕێکخراوەکە یەکسانن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان و هێزی سەربازی و ئابووری. بەواتایەکی دیکە چینی میللی کە ژمارەی دانیشتوانی ئەمرۆ لە ملیاردێک و دوسەدملیۆن تێدەپەڕێ یەک دەنگی هەیەو و ئەو دەوڵەتانەش کە ژمارەی دانیشتوانیان لە 25000 کەس تێناپەڕێ هەر وەکو چین یەک دەنگێکیان هەیە.

## سیستەمی سیاسی جیهان و یاساو پرینسیپەکانی نێونەتەوەیی دێنە هەژان و گۆرنکاری

کۆتایهاتنی جەنگی سارد، بەواتایەکی دیکە هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت و ڕووخانی شوورەکەی بەرلین هەندێ گۆڕانکاری بەسەر سیستەمی سیاسی جیهان داهێنا و وای کرد کە هەندێ لەم پرینسیپانە فەرامۆش بکرێن. بۆنموونە لەشکری یوغسلاڤیا هێشتا لە کرواتیا مابوو کاتێ کە کرواتیا لە ساڵێ 1991 سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و ئەڵمانیای ڕۆژاواش دانی پێنا. بەواتایەکی دیکە کرواتیەکان ئۆرگانێک و دامودەزگایەکی سەروەری خۆیان نەبوو کە ئیدارەی دانیشتوانی وڵاتەکە بەڕیوەبەرێ وسوپایەکیشیان نەبوو کە دانیشتوان لە دەستدرێژی و پالامارادان بپارێزێ یان سەروەری و سەربەخۆیی وڵاتە ساوایەکە بپارێزێ. پاش ئەڵمانیا هەموو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژاوا یەک لە دوای یەک دانیان بە کرواتیا دانا. هەمان دیاردە لە هەندێ لەو وڵاتانەدا دووبارە بوونەوە کە لەژێر ڕکێفی سۆڤیەت بوون و پاش هەرەسهێنانی سۆڤیەت سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. جگە لەو نەتەوانەی کە ناچار کرابوون لەناو یەکیەتی سۆڤیەتدا بژین زۆر نەتەوەی دیکە لە جیهان دەرفەتی کۆتایهاتنی جەنگی ساردیان قۆزتەوە و دەوڵەتی سەرەخۆیی خۆیان دروست کرد.

دەتوانم بڵێم لە هەموو گۆڕانکاریەکان گرنگتر کە سیستەمی جیهانی و یاسای نێونەتەوەیی هێنایە هەڵتەکاندن و شلۆقاندن چەند بڕیارێکی نەتەوەیەکگرتوەکان بوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە عێراق و کوردەوە هەبوو. هەموو ئەوبڕیارانەش پاش جەنگی دووەمی کەنداو وەرگیران. لەهەموو بڕیارەکان گرنگتر، بە بۆچوونی من، بڕیاری 688 بوو کە لە 15 ئایاری 1991 لە کاتی کۆچرەوەکەدا وەرگیرا. لەم بڕیارەدا ئەنجومەنی ئاسایش داوای لە حکومەتی عێراق کرد کە دەمودەست و بەبێ هیچ مەرجێک هێرش و پەلامارەکانی دژ بە خەڵکی کوردستان ڕابگرێ، سوپاکەی لە سەر مەرزەکانی ئێران و تورکیا بکێشتەوە دواوە بۆئەوەی پەناهەندەکان، کە لەترسی کیمیاباران پەنایان بردبووە بەر ئێران و تورکیا و سەرسنوورەکان بگەڕینەوە ماڵی خۆیان.

لە هەمان بڕیاردا نەتەوەیەکگرتوەکان داوای لە عێراق کرد ڕێگە بداتە ڕێکخراوە خێرخوازەکان کە بێنە ناو خاکی عێراق بۆ یارمەتی دانی پەناهەندەکان. ئەنجوومەنی ئاسایش داواشی لە حکومەتی عێراق کرد کە ڕێز لە مافە سیاسیەکان و مافی مرۆڤی هەموو عێراقیەک بگرێ. ئەم بڕیارە و چەندان بڕیارێکی دیکە – بۆ نموونە بڕیاری 986 ی ساڵی 1995 واتە بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک- کە بەسەر عێراقدا سەپێنران بڕیاری یەجگار گرنگ و مێژوویی بوون. جاری یەکەمبوو کە نەتەوەیەکگرتوەکان وا بەڕوونی و ڕاشکاوی دژی پرینسیپ و دەستووری خۆی بڕیار وەربگرێ و دەستکاری کاروباری ناوەوەی وڵاتێک بکا.

هەرچەندە عێراق ناچارکرا هێزەکانی خۆی بکێشێتەوە دواوە پەناهەندەکان نەگەڕانەوە ناو شار ولادێکان بۆیە سەرەک وەزیرانی بەریتانیای ئەوکاتە، جۆن مەیجەر، پێشنیاری ناوچەیەکی ئەمنی کرد بۆ پەناهەندەکان. پاش چەند ڕۆژ گفتوگۆ بەناچاری ئەو پێشنیارە نەک تەنها پەسەندکرا بەڵکو گەشەشی پێدراو بەرفراوانیشکرا. ئەوەبوو ئەو دوو ناوچە ئەمنیەیان بۆ کورد و بۆ شیعە دروستکرد. بەڵام ئەو دووناوچە ئەمنییە بەبڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان بەئەنجام نەدران، بەلکو بەگوێرەی بڕیارێکی هاوپەیمانانەکان لەسەرووی هەمویانەوە بەریتانیا، فەرەنسا و وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا (لەدەهاتوودا تەنها بە ئەمەریکا ناودەبرێ).

لەهەمان ساڵدا ڕژێمی بەعس بەرەزامەندی خۆی سوپا و دامودەزگاکانی دیکەی سەرکوتکەری لە کوردستان کێشایەوە و 2/3 ی خاکی کوردستانی باشوور کەوتە ژێردەستی کوردەوە. کورد کە شەڕی قەلاچۆی بەسەردا سەپێنرابوو و وەبەر شاڵاوی تەعریب و ئەنفال و کیمیاباران کەوتبوو لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا بوو بە ئاغای ماڵی خۆی. بەواتایەکی دیکە لە بەهاری 1991 ەوە دەوڵەتی عێراق هەڵوەشایەوە و سەروەری خۆی لەدەستدا بەو مانایەی کە مەرجەکانی یاسای نێونەتەوەیی پڕناکردەوە وەکو دەوڵەت.

ساڵێک دواتر، لە 19 ی ئایاری 1992، کورد بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا هەڵبژاردنێکی گشتی و ئازادی بەئەنجامدا و دوابەدوای ئەوەش پەرلەمانێک و حکومەتێکی دروست کرد. بەواتایەکی دیکە هاوکات کە عێراق سەروەری خۆی لەدەستدا و مەرجەکانی دەوڵەتی تێدانەما کورد بۆخۆی کیانێکی سیاسی دروستکرد کە بە پێوەری یاسای نێونەتەوەیی نەک تەنها ئەو مەرجانەی تێدا بەدیدەکرا کە پێویستن بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵکو لەوەش زۆر زۆر زیاتر. پرسیار ئەوەیە بۆچی سەرانی کورد دەوڵەتێکی کوردیان ڕانەگەیاند یان تەنانەت نەکەوتنە زەمینەخۆشنەکردیش بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ڕۆژگارێکی نزیکدا بەتایبەت پاش ڕووخانی ڕژێم؟

لەپاش ئاشبەتاڵەکەی 1975 دروشمی ' کوردستان یان نەمان' ڕۆژبەڕۆژ کز و لاواز دەبوو. لەئاشبەتاڵەوە تا بەهاری 1991 دروشمی ' ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق' بوو بە دروشمی سەرەکی بزووتنەوەی 'ڕزگاریخوازی' کوردستان. لەبەهاری 1991 ەوە دروشمی عێراقێکی 'فیدراڵ' و 'دیموکرات' و 'یەکگرتووی' ئارەزوومەندانە' بۆتە مەبەست و ئامانجی پیرۆزی حاکمانی کوردستان.

پرسیار ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان(پارتی) و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان (یەکیەتی) خۆیان بەچی دەزانن و بۆچی ئەرکی بەدیموکراتیکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی دەخەنە سەر ئەستۆی خۆیان و خوێنی لاوی کوردی بۆ دەڕێژن و تووشی ئەنفالمان دەکەن؟ دەبێ وەڵامی سەرکردەکانی کورد چی بێ بۆ هەزاران هەزار منداڵەشەهید و ژنەشەهید و دایکی جەرگسوتاو کە ڕۆڵەکانیان لە ژێر دروشمی 'کوردستان یان نەمان' ژیانیان بەخشیوە؟

لەگەڵ ڕووداوە تەرۆریستیەکانی 11 ئەیلولی 2001 سیستەمی سیاسی جیهانی و یاسای نێونەتەوەیی بەجۆرێکی ئەتۆ لەکارخران کە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ بەم زوانە تەواو لەناو دەچن و لەبری ئەوان سیستەمێک و هەندێک پرینسیپ و یاسای نوێ و مۆدێرن جێگەیان دەگرن. لەو سیستەمە تازەیەدا ئەمەریکا خۆی هەمەکارە و بڕیاردەر و سەرپشک دەبێ.

یەکسەر پاش هێرشەکانی 11 ئەیلول ئەمەریکا ئاشکرایکرد کە دەیەوێ ڕژێمی بەعس و دیکتاتۆر سەددام حوسەین لەسەر حوکم لابەرێ. بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەمەریکا پێویستی بە هاوکاری و هاودەنگی و ڕەزامەندی هەندێک لە لایەنەکانی ناوچەکە هەبوو لەوانە تورکیا و ئۆپۆزیسیونی عێراق – المعارضة العراقیة بەتایبەت کورد و شیعە. بۆئەومەبەستە کۆمەڵێک کۆبوونەوە و کۆنفراس بەستران و چەند ڕێکەوتننامە و پەیمانیش مۆرکران لە نێوان ئەمەریکاو لایەنەکانی عێراقی و هەروەها لەنێوان ئەو پارت و ڕێکخراوانەش کە ئۆپۆزیسیونی عێراقیان پێک هێنابوو.

ئەوکاتە لە عێراقدا هەر کورد ناوچەی ئازادکراو و سوپای پرچەک و مەشقکراوی هەبوو دەسەڵیش بوو وەکو دەوڵەت ئیدارەی 2/3 کوردستانی دەکرد. لایەنەکانی دیکە بەتایبەت شیعە پەرت و بڵاو و دەربەدەر و هەرەتەی وڵاتانی دراوسێ بوون و هیچ شتیکیان نەبوو لەسەری رابوەستن یان مفاوەزەی لەسەر بکەن. لەڕوووی سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسیدا کورد لەسەرلوتکەبوو و دەیتوانی بڕیاردەری ژمارەیەک بێ و داخوازیەکانی خۆی بەسەر لایەنەکانی دیکەدا بسەپێنێ. تەنها کورد بەبی سێ و دوو بە بێ مەرج ئامادەی ئەوەبوو کە بە هەموو شێوەیەک هاوکاری ئەمەریکا بکا. کورد و ئەمەریکا بوون بە هاوپەیمان و هاوسەنگەر دژی رژێمی بەعسی سەددامی.

## نەبوونی گەرەنتی نێونەتەوەیی بۆ ڕێککەوتننامەکان و پەیمانەکانی لایەنەکانی عێراقی

کورد و ئۆپۆزیسیونی عێراقی پێش رووخانی رژێم و پاشی ئەوەش چەند ڕێکەوتننامەیەک و پەیمانێکیان مۆرکردوە دەستووری کاتی و هەمیشەییشیان مۆرکردوە. لە دەستوور و لەو پەیمان و ڕێکەوتننامانەش کە لەگەڵ ئۆپۆزیسیونی عێراقی و دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی مەیدانی سیاسی عیراق مۆریانکردوە لەم چەند ساڵەی رابردوودا مافەکانی کورد لەوە زۆر زۆر کەمتر بەدەستهاتوون لەوەی کە شایانی کوردە. سەرەڕای ئەوانەش سەرکردەکانی کورد چەند هەڵە یان کەمزانی یان ناپاکیەکی سیاسی و دیپلۆماسی مێژووییان کردوە.

هەموو ڕێکەوتننامەکان و دەستووری کاتی و هەمیشەییش تەنها لە نێوان لایەنەکانی عێراقی خۆیان مۆرکراون بەبێ هیچ گەرەنتیەکی نێونەتەوەی - بۆنموونە هی یەکیەتی ئەوروپا، نەتەوەیەکگرتوەکان یان تەنانەت هی ئەمەریکا و بەریتانیاش- بۆ تەداخلکردن لەحالەتێک کە یەکێک لەلایەنەکان لە پەیمانەکان یان لە ناوەرۆکی دەستوور پاشەکشێ بکا. دەزانین کورد چەندجار لەگەڵ دەسەڵاتداران و حکومەتەکانی رابردووی عێراق پەیمانی دوولایەنیان مۆرکردووە بەبێ گەرەنتی نێونەتەوەیی و سەرئەنجامی هەرهەمووشیان بریتیبوون لە پاشەکشێی لایەنی عێراقی و نیگەرانی وماڵوێرانی کورد. پەیمانی 11 ئازاری 1970 لەهەموو ڕیکەوتننامەو پەیمانەکان ڕوونترو نەشاردراوەترە.

تۆبڵێی هۆ و سەرچاوەی متمانە و خۆشباوەڕی سەرانی کورد چیبێ ئەمجارە؟ بۆچی سەرانی عەرەب لەڕابردوودا لە پەیمانەکانیان پاشەگزەیانکردوە بۆچی ئەوانەی ئێستا نایکەن؟ لەوەش گرنگتر سەرکردەکانی کورد چۆن دەزانن دەسەڵاتدارانی داهاتووی عەرەبی عێراقی پەیرەوی ئەم پەیمانانە دەکەن و ڕێز لە دەستوور دەگرن؟

سەرانی کورد دەزانن مەترسی پاشەکشێ هەیە بۆیە لەکاتی تاوتووکردنی بڕیاری 1546 کە لە حوزەیرانی 2004 لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان وەرگیرا سەرکردەکانی کورد وەزیری دەرەوەی عێراق، هوشیار زێباریان، نادرە ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ ئەوەی کارێکی وابکا کە سیستەمی فیدڕالی و دەستووری کاتی عیراقیش لەو بڕیارە ناوببردرێ بۆئەوەی بەم شێوەیە شەرعیەت بدرێتە دەستووری کاتی عێراق و نەتەوەیکگرتوەکان گەرەنتی سیستەمی فیدرالیەتی عێراق و هەندێک لە ناوەرۆکی دەستوورە کە بکا. ئەم بریارهی ئەنجوومەنی ئاسایش وابەستەیە بە دامەزراندنەوەی عێراق وەکو وڵاتێکی سەروەر بۆیە بۆ کورد و بۆ عێراقیەکان لەڕادەبەدەر گرنگی و قورسایی هەیە.

جگە لە ئامادەبوونی هوشیار زێباری بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی و کاک مەسعود بارزانی لە 1 ی حوزەیراندا نامەیەکی هاوبەشیان ئاراستەی سەرۆکی ئەمەریکا، جۆرج دبلیو بوش، کرد. لە نامەکەدا ئەو دووسەرکردە

بەڕیزە زۆر بەروون و ئاشكرا دەڵێن ئەگەر بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش ئەم شتانەی تێدا نەبێ كەلەسەروە باسكران كورد خۆی دەشێكشێتەوە و ئامادە نییە بۆ دروستكردنەوەی عێراق. ئایەتوڵا سیستانی لە بارەگاكەی خۆی هەڕەشەی لە ئەمەریكا و نەتەوەیەكگرتوەكان كرد و نارەزایی خۆی دەربڕی بۆ ناوهێنانی سیستەمی فیدراڵی و دەستووری كاتی لە بڕیارەكەدا. بارزانی و تاڵەبانی و سەركردەكانی دیكەش بەزۆر شێوە هەڕەشەو گەفوگوڕیان كرد. كە لە 8 ی حوزەیران ئەنجوومەنی ئاسایش بەتێكرایی دەنگ بڕیاری ناوبراویان پەسەندكرد هیچ حسابێكیان بۆ داخوازیەكان و هەڕەشەكانی كورد نەكرد، بەڵكو تەنها بۆ ئەوەی سیستانی.

سەرانی كورد لەم چەند ساڵە ناسك و چارەنووسسازەی دواییدا هەر ئەوجارە ئەویش لەوەختێكی زۆر درەنگ و نابەجێدا و بەبێ پلان بەشیوەیەكی ناڕاستەوخۆ داوای گەرەنتیەكی نێودەوڵەتیان كرد سەرئەنجامەكەشی بە زیان و دۆڕان و ئابڕووچوونی كورد تەواو بوو. سەرەڕای ئەوهەموو هەڕەشەو گەفوگوڕە، بەتایبەت ئەوانەی بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی، مەكتەبی سیاسی هەردوو پارتەزلهێزەكەی كوردستان و ئەوەش كە پێی دەڵێن پەرلەمانی كوردستان لە ماوەی پێنج تا شەش ڕۆژ دوای پەسەندكردنی بڕیاری ناوبراو لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایش نەك هەر پەسەندیان كرد بەڵكو بە بەبڕیارێكی بۆ كورد زۆر باش و بە سوودیش لەقەڵەمیاندا.

بادانەوەیەكی 180 پلەیی ئاوا لەلایەن هەموو ئۆرگان و دەسەڵاتدارانی مەیدانی سیاسی كوردستانی باشوور لە كاتێكی وا ناسكدا بۆ بڕیارێكی ئاوا چارەنووسساز دیاردەیەك بوو دونیای هێنایە سەرسوڕمان. بادانەوەی ئاوا گەورە لەم ماوەیە كورتەدا لە مێژوی هیچ میللەتێك ڕووی نەداوە باوەڕیش ناكەم ڕوبدا. ئەم بادانەوەیە وای كرد كە لەوڕۆژەوە هیچ كەس متمانە بە دەسەڵاتدارانی كورد نەكا و حسابیان بۆ نەكا. بەم هەڵوێستەیان دەسەڵاتدارانی كورد نیشانیاندا كە دڵسۆزنین و خاوەن قسەی خۆیان نین و خاوەن پرینسیپ و ستراتیجییەك نین بەڵكو بەپێی بەرژەوەندی ڕۆژانەی خۆیان ئامادەن هەر ڕۆژ بڕیارێك وەربگرن یان هەربڕیارێك بخرێتە بەردەمیان پەسەندی بكەن. سەرانی كورد لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند جاری دیكە هەڕەشە و گەفوگوڕیان كردوە، بەڵام هەموویان پووچەڵ بوونەتەوە.

سەرانی كورد نەوێران یان نەیانویست یان نەیانتوانی نە دەوڵەتێكی كوردی ڕابگەیەنن نە گەرەنتی نێونەتەوەیی وەدەستبێنن بۆ دەستوور و ڕێكەوتنەكانیان لەگەڵ لایەنەكانی عێراقی. لەچوارچێوەی ئەو ڕێكەوتننامەیەی كە لە ئەیلولی 1998 لە واشنتۆن مۆركرا دەبایە سەركردەكانی كورد بیرۆكەی ڕیفراندۆمیان لای ئەمەریكایەكان باسبكردایە و داوای كۆمەك و پشتگیریان لە ئەمەریكا و نەتەوەیەكگرتوەكان بكردایە بۆ بەئەنجامدانی ڕاپرسیەكی سەرتاسەری گشتی لە كوردستانی باشوور بۆ ئەوەی كە دانیشتوانی كوردستان خۆی بڕیاربدا ئەگەر دەیەوێ لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەمێنێتەوە یان دەیەوێ وڵاتێكی سەربەخۆی كوردی دروست بكا. ئەگەر سەرانی كورد ئەم دەرفەتەیان لەدەستخۆدا دەبایە پاش ڕووداوەكانی 11 ئەیلولی 2001 ڕاپرسی گشتیان بەسەر لایەنەكانی عێراق و ئەمەریكا بسەپاندبا.

بەدیلێك كە لەبەردەمیان مابووەوە هەقی ڤیتۆ بوو. هەرچەند بڕیار لەسەر دەستوور و هەموو ڕیكەوتنەكانی دیكەش بوونە پرسیار و كاروباری ناوخۆی عێراق دوور لە گەرەنتی نێونەتەوەیی كورد دەیتوانی ئەگەر هیچ نەبێ مافی ڤیتۆ بۆ كورد بەدەستبێنێ. لەڕێگەی مافی ڤیتۆ لە داهاتوودا كورد دەیتوانی ئەو بڕیارە گەورەو گرنگانە ڕابگرێ كە زیانیان بۆ كورد دەبوو یان بەمەبەستی گۆڕانی دەستوور وەردەگیران. لە پەرلەمانی عێراقێكی" دیموكراتدا" لەبەغدا سبەی نوێنەرانی كورد ئەگەر دەنگیشیان یەك بێ و هاوئامانجیش بن كەمە (اقلية) دەبن و بەبێ مافی ڤیتۆ ناتوانن ئەو بڕیارانە ڕابگرن كە زیانی بۆ كورد و كوردستان هەیە. هاوكات

دەبایە کورد لەدەستووری عێراق  گەرەنتی پێشێلنەکردنی ماف و ئازادی کەمەنەتەوەکان و مەزهە بچووکەکانی بکردایە. بەواتایەکی دیکە ڕێگەنەدرێ کە پەرلەمانی بەغدا هەموو جۆرە بڕیارێک وەربگرێ ئەگەر بەزۆرینەی یان بەتێکڕایی دەنگیش بێ، بۆ نموونە بڕیاری قەلاچۆکردنی تورکمان یان یەزیدیەکان.

بەدیلێکی دیکە ئەوەبوو کە دەسەلاتدارانی کورد دروستکردنەوەی عیراق و بەستنەوەی کوردستانی باشوور بەم ولاتە عەرەبییە مەرجداربکەن. بۆنموونە دەیانتوانی بەسەر لایەنەکانی عێراقدا بەسەپێنن کە ماوەیەکی دیاریکراو – بۆ نموونە پێنج تا دە ساڵ – پاش دروستبوونەوەی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ ڕاپرسیەکی گشتی لە کوردستانی باشوور بکرێ بۆ ئەوەی بزانن دانیشتوان پاش چەند ساڵێکی تەجرەبە مانەوەیان دەوێ لەگەڵ عیراق یان جیابوونەوە، هەروەکو ئەو رێککەوتننامەیەی کە پێش ساڵێک لە سودان مۆرکرا لەنێوان دەسەلاتی مەرکەزی و نوێنەرانی دانیشتوانی باشووری سودان کە مەسیحین. کورد ئێستا هیچ خەتێکی سووری نەهێشتۆتەوە و بۆ گەڕانەوە بۆ دواوە.

ئایا دەکرێ بڵێین کە سەرکردەکانی کورد متمانە بە دەسەلاتدارانی عەرەب دەکەن بەلام نەک بەیەکتری؟

پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر ئەمەریکا توانی لە ئەیلولی 1998 بارزانی و تاڵەبانی ڕابکێشێتە واشنتۆن و ڕیکەوتننامەیەکیان پێمۆربکا بۆ ئاشتبوونەوە و بۆ ئەوەی کورد ماڵی خۆی بکاتەوە یەک و شانبەشانی ئەمەریکا و ئۆپۆزیسیونی عێراقی دژی ڕژێمی بەعس خەبات بکەن. ئەمە پێشکەوتنێک و دەستکەوتێکی یەجگار گەورە و مێژوویی بوو کە دوو سەرکردەی کورد بچن لە کۆشکی سپی بەسەرپەرشتی سەرەک کۆماری ئەمەریکا – تاکە زلهێزی جیهان- پەیمان مۆربکەن. هەربۆیەش دوژمنانی کورد نارەزایی و نارەحەتیەکی زۆریان پێشانی ئەمەریکا دا.

وەکو دەزانین لە ئەیلولی 1998 ەوە تاکو ئەوڕۆ زیاتر لە 100 کۆبوونەوە کراوە لە نێوان نوێنەرانی پارتی و یەکیەتی کەچی ئەوان نەک هەرنەگەیشتنە یەکتری و ماڵی وێرانی کوردیان نەکردەوە یەک، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕۆژبەڕۆژ کێشەو ململانێ و دووبەرەکی و ناکۆکیەکانیان قووڵتر و دژوارتر و ترسناکتردەبێ. ڕژێمی بەعس ڕووخا و وا سەددام دادگایی دەکرێ و بە هیمەت و کۆششی پارتی و یەکیەتی عێراق دامەزرایەوە کەچی ئەو دوو پارتە کوردستانییە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەیەکتری نامۆ دەبن و لەیەکتری دوور دەکەونەوە.

ئایا حەوت ساڵ کۆبوونەوەی بێ ئەنجام، لەکاتێکی ئاوا ناسک و چارەنووسسازدا، نیشانەی نەبوونی متمانە و بێباوەڕی و نیازپیسی و ناپاکی نیە؟ ئەدی چۆن ئەوەی کە پێی دەوترێ پەرلەمانی کوردستان بە دووکاژمێر ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراقی هەڵسەنگاند و تاوتۆی کرد و بە تێکڕایی دەنگ پەسەندیشی کرد؟ ئەگەر پارتی و یەکیەتی باوەڕ و متمانەیان بەیەکتری نەبێ چۆن باوڕ و متمانەیان بە سەرکردەکانی ئێستا و داهاتووی عەرەبی عێراق دەبێ؟ پارتی و یەکیەتی لەگەڵ ئەکتەرەکانی مەیدانی سیاسی عێراقیەکاندا بە چەند مانگێک لەسەر دەستووری عێراق ڕێککەوتن. ڕێکەوتن لەسەر دەستوور واتە بنیاتنانەوەی عێراق، باشتر وایە بڵێم دروستکردنی عێراقێکی نوێ، چونکە لە 9 ی نیسانی 2003 ئەوەی کەجاران پێیان دەگوت عێراق نەما.

سەرکردەکانی کورد لە ئاستی جیاوازدا چەندجارێک بەڕوونی و ئاشکرایی و بە سەربەرزییەوە گوتویانە کە ئەوان وەکو نوێنەری کورد گەرەنتی دامەزراندنەوەی عێراق دەکەن، گوتویانە کورد تەوازن لە نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە دروست دەکاو بەبێ ئەو تەوازنە و بەبێ هەوڵ و تەقەلای کوردیش عێراق دروست نابێتەوە. بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 1 ئابی ئەمساڵدا دەڵێ: ڕۆڵێکی سەرەکیمان

بینی لە نزیککردنەوەی بۆچوونەکانی هەردوولایەنی شیعە و سوننەدا. وەکو دکتۆر بورهان یاسین دەڵی لەسەرەتای 1920 ەوە ئینگلیزەکان دەقیقەن بەم شێوەیە پاکانەیان بۆ لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقە هێنایەوە. ئایا ڕاستە لەداهاتوودا ڕەخنە لە ئینگلیزەکان بگرین کاتێ کە سەرکردەکانی خۆمان پاش 84 ساڵ ماڵوێرانی و شەڕی قەڵاچۆ و کیمیاباران و ئەنفال بەهەمان شێوەی ئینگلیزەکان و لەبەر هەمان هۆ کوردستانیان جارێکی دیکە بە عێراقەوە لکاندەوە؟

پرسیارەکە ئەوەیە کاتێ کە پارتی و یەکیەتی لە ماوەی چەند مانگێکدا سەرکەوتوودەبن لەگەڵ لایەنی عەرەب و کەمەنەتەوەکاندا لەسەر دەستووردارشتن و چۆنیەتی بنیاتنانەوەی عێراق بۆچی سەرکەوتوونابن لە یەکبوونەوەی دوو ئیدارەکە؟ ئەوە نیشانەی چییە؟ ئایا ناتوانین بڵێین ئەوە یەکێکە لە بەڵگە ڕوونەکان کە سەرکردەکانی کورد بنیاتنانەوەی عێراقیان لەلا گرنگتر و پیرۆزترە وەک لە یەکبوونەوەی دوو ئیدارە کوردیەکە و زەمینە خۆشکردن بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی؟ ئایا ئەوە نیشانی ئەوەنادا کە ناکۆکی و دووبەرەکی و ململانێ و کێشەی نێوان پارتی و یەکیەتی زۆر جددی ترو، قووڵتر و ترسناکترن وەک لە هی نێوان هەریەکێک لەوان و لایەنەکانی دیکەی مەیدانی سیاسی عێراقی؟

دەستوور و کۆماری عێراقی فیدراڵی عیلمانی، مافی چارەنووسی کورد، کەرکوکی دڵی کوردستان

سەرکردەکانمان و نوێنەرانی کوردیش لە لێژنەی نووسینەوەی دەستوور بەوەخت و بە ناوەخت زۆر بەباشی باسی ناوەڕۆکی دەستوور و دەستکەوتەکانی کوردیان کردوە لە دەستووری عێراقدا. بۆنموونە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێز سەرەک کۆماری عێراق تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکیەتی لە هاوینەهەواری دوکان لە 4 ی ئەیلولی ئەمساڵ لەسەر ڕەشنوسی دەستوور دەڵێ: " تا ئێستا دەستووری وا باش و ڕێکوپێک لە مێژووی عێراقدا نەنووسراوە". پرسیار ئەوەیە باش بۆ کێ؛ بۆ کورد یان بۆ عەرەب؟ ئەگەر وەکو عەرەب یان وەکو ئیسلامێکی توندڕەو سەیری دەستوور بکەین بەڕێز بارزانی ڕاست دەفەرموێ، بەڵام ئایا باشی دەستوور لەکوێدایە بۆ مرۆڤی عیلمانی کورد و کوردستان؟

بەڕیز دکتۆر فوئاد مەعسووم، جێگری سەرۆکی لێژنەی نووسینەوەی دەستوور لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کوردستانی نوێ لە 08/09/2005 دەڵێ: " لەچوارچێوەی عێراقدا لەم دەستوورە باشتر ئامادەناکرێ، چونکە جێ دەستی کوردو کوردستانی لەچەند ڕوویەکەوە تێدا دیارە." زۆر لە سەرکردە و دەسەڵاتدارانی دیکەش و نوێنەرانی دیکەی کوردیش لە لێژنەی نووسینی دەستوور زۆر بە چاکی باسی دەستووریان کردوە و دەڵێن لە 98% ی داخوازیەکانی کوردی تێدا هاتۆتەدی. پارتە سیاسیەکانی کوردستان، بەتایبەت دوو زلهێزەکە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کات و سەرمایەکی لەڕادەبەدەریان تەرخانکردوە بۆ ئیقناع کردنی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی کە دەنگ بۆ ڕەشنووسی دەستوور بدەن. تەنانەت یەکێک لە سەرۆکی زلهێزەکان گوتویەتی دەنگنەدان مانای خیانەت و ناپاکیە. ئایا ئەمە ئازادی و دیموکراتیە یان هەڕەشەیەکی ترسنۆکانەیە؟ ئەمە قسەیەکی زۆر گەورەیە و سەرکردەیەک کە خۆی بە دیموکرات بزانێ و ئەرکی بەدیموکراتکردنی وڵاتێکی گرتبێتە ئەستۆی خۆی نابێ قسەی وابکا.

پرسیای گرنگ ئەوەیە دەستووری پێشنیارکراوی هەمیشەیی عێراق، کە لێیان کردین بە پەڕەی قورئان، سوودی زیاترە یان زیان بۆ کورد و کوردستان؟ کۆمەڵێک دڵسۆز و ڕۆشەنبیری کورد لەڕێگەی وتار و کۆڕدا بە تێروتەسەلی وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە. من لێرەدا تەنها زۆر بەسەرپێی پەنجە بۆ تەنها چەند خاڵێک ڕادەکێشم.

بالەپێش هەموو شتێکدا باسی ناوی ئەو کۆمارە "عێراقیە فیدڕالیە" ئارەزوومەندیە بکەین کە تاکو چەند ڕۆژێک پێش ڕازیبوونی لایەنەکان و تەسلیمکردنی ڕەشنووسەکە بە پەرلەمانی عێراق لێمان کرابوو بە پیرۆزترین دیاردە و باڵاترین ئامانج و مەبەستی سیاسی حاکمانی کوردستان. کەچی ناوی عێراق هەروەکو خۆی مایەوە "کۆماری عێراق" نە تێگەی "فیدڕالی" و نە "یەکگرتووی" خرایە پشت. تەنانەت ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ش لە 20 مانگی ئابەوە نانوسێ بەڕێز تاڵەبانی سەرۆک کۆماری "عێراقی فیدڕاڵی"، بەڵکو تەنها دەنووسێ سەرۆک "کۆماری عیراق". خۆ هیچ لەپارتە زلهێزەکان و دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنیشیان ڕستەیەکیشیان لەسەر ئەو هەرەسە و دۆڕاندنە مەزنە نەنوسی.

سەرکردەکانی کورد پێش پەسەندکردنی ڕەشنووس زۆر شانازیان بەوە دەکرد کە ئەوانن گەرەنتی عێراقێکی عیلمانی دەکەن، واتە ڕێگەنادەن کە شیعە وڵاتێکی ئیسلامی وەکو ئێران دامەزرێنێ. کەچی لا کۆتایدا دەرکەوت کە شیعە شەریعەتی ئیسلامی کردە "سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتی یاسادانان" لە عێراقدا و سەرکردەکانی کوردیش ڕەزامەندی خۆیان لەسەردا. وەک من بزانم سوننەی عەرەب زیاتر لە کورد دژی ئەم داخوازیەی شیعە بوون. ئێستا جێگەی ئەوە نییە کە باسی ئەوە بکەم کە شەریعەتی ئیسلامی چۆن و بۆچی و لە چەند ڕووەوە لەگەڵ دیموکراتیا ناگونجێ. تەنها ئەوە دەڵێم کە یاسادانان و بڕیاروەرگرتن بەشێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ گرنگترین و سەرەتاییترین ئەرکی پەرلەمانە. پەرلەمان دەبێ لە وڵاتدا باڵاترین ئۆرگان بێ و 100% ئازاد و سەربەخۆ و سەروەر و سەرپشک بێ لە یاسادانان و بڕیاروەرگرتن.

مرۆڤ ناتوانێ ئێران بەوڵاتێکی دیموکرات لەقەڵەمبدا هەرچەندە ئێران زۆر لە مەرجەکانی دیموکراتی تێدا بەدیدەکرێ. گەورەترین بەرهەڵست و هۆ بۆ پێناسەکردنی ئێران وەکو وڵاتێکی دیموکراتی بوونی لێژنەیەک، کۆمیتەیەکی زانا و ئایەتوڵاکانە ( مەرجەعی فقة)، کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵنەبژێردراون و ئەندامی پەرلەمانیش نین بەڵام سەرەڕای ئەوەش پلە و پایە و دەسەڵات و نفوزیان لەسەرەوەی پەرلەمانە. بەبێ ڕەزامەندی ئەو لێژنەیە پەرلەمانی ئێران ناتوانێ هیچ یاسایەک دابنێ و هیچ بڕیارێک وەربگرێ. بەبێ ڕەزامەندی ئەو لێژنەویە هیچ کەسێ ناتوانی خۆی بپاڵێوێ بۆ سەرۆکایەتی ئێران و ئەندامەتی پەرلەمان و زۆر شتی دیکەی گرنگ لە وڵات. واتە ئەو لێژنەیە لە پەرلەمان باڵادەستترە و خاوەن دوابڕیارە ئەمەش لەگەڵ پرینسیپی دیموکراتیدا یەک ناگرێتەوە.

شیعەش لە دەستووری عێراقدا ئەو مۆدێلەی ئێرانی بەسەر کورد و سوننەدا سەپاندوە. سبەی دووسبەی پەرلەمانی بەغدا لەوەی تاران زیاتر نوێنەرەی گەلەکانی عێراق ناکات و باڵادەستترین ئۆرگان نابێ لە عێراقدا. بڕیاردەر مەرجەع دەبێ بەحوکمی ئەوەی  زاڵە بەسەر شیعە و شیعەش هەمووکات زۆربەدەبن لە پەرلەمانی بەغدا. جگە لە پێشێلکردنی ماف و ئازادیەکانی ژن و مافەکانی مرۆڤ و زۆر شتی دیکەش کە پەیوەندی بە ژن و ژنخوازی و کاروباری خێزانی و ماف و ئازادی ناموسڵمانان و کەمەنەتەوەکانەوە هەیە. جگە لە ئێران زۆر وڵاتی دیکەی موسڵمان گرفتیان هاتۆتە پێش کاتێ ویستویانە هەندێ پرینسیپی دیموکرات پەیڕەو بکەن.

جگە لەوە لە سەرەتای دەستووردا نووسراوە: " ئێمەین ڕۆڵەی دۆڵی ڕافیدەین شوێن و نیشتمانی پێغەمبەران و وێستگە و نزرگەو ئارامگەی پێشەوا پاکەکان و پێشەنگاکانی شارستانی و دانەرانی نووسین و دانەی خاڵبەندی، لەسەر زەوی یەکاماندا یەکەم یاسا دانرا لەلایەن مرۆڤەوە، لەم نیشتمانەشماندا کۆنترین و باڵاترین سەدەی دادپەروەری داڕێژرا و نووسرایەوە بۆ سیاسەتی وڵاتەکان..." کام بەشی ئەم وەسفانە نیشتمانی

گۆتیەکان و میدیەک دەگرێتەوە؟ کام لەم وەسفانە کاوەی ئاسەنگەر و زەردەشت و مەلەکی تاوس دەگرێتەوە؟ ئا ئەمەیە نیشتمانێکی یەکگرتووی ئارەزوومەندانە؟!

لەدەروازەی ماددەی یەکەم هاتووە: " کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، خاوەن سەروەرییە، سیستەمی حوکم تیایدا کۆماری پەرلەمانی دیموکراتی ئیتحادیە." ووشەی فیدراڵی تێدا نییە. کورد لە 1991 ەوە نەک تەنها فیدراڵی هەبوو بەڵکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ. سەرکردەکانمان فیدراڵیەتیان لێمان کردە ئایەتی قورئان و وایان تێگەیاندبووین کە ئەوان هەموو لایەنەکانی دیکەیان ڕازیکردبوو بەسیستەمێکی فیدراڵی بۆ عێراق. بەڵام کوا؟ وەکو دکتۆر ڕێبوار فەتاح دەڵێ مەبەست لەو "یەکگرتوو" وەش یان ئیتحادیەش کە باسی لێوە دەکرێ ئەوە نییە کە عێراق لە دوو گەل – کورد و عەرەب- یان دوو نیشتمان – خاکی عەرەبی عێراق و کوردستان- پێکهاتووە بەڵکو مەبەست لە پارچەنەکردنی عیراقە. ئەمەش لەگەڵ فیدراڵی ئارەزوومەندانە یەک ناگرنەوە.

هۆیەکەشی ئەوەیە کە سەرکردەکانی کورد زوو بۆ نموونە لە2001 ەوە بەیەک دەنگ و وەکو یەک ئەکتەری مەیدانی سیاسی خەباتیان نەکرد و سوور نەبوون و سووریش نین لەسەر سیستەمێکی فیدراڵی کە لەسەر ئەساسی زمان و کەلتوور و گرووپی ئەتنیکی(عرقی) دروستبێ. چونکە ئەوکاتە هەریەکێک لەوان میرنشینەکەی خۆی دەدۆڕاند. ئێستا کە لەسەر بناغەی پارێزگاکان دروست بووە ئەگەر کەرکوک و موسڵیشیان دەستنەکەوێ دهۆک و هەولێر و سولەیمانیان مسۆگەرکردوە. سەرکردەکانمان دەمێکە دەستیان لە کەرکوک شۆریوەتەوە. هەربۆیەش زوو لایەنەکانی عێراقیان ناچارکرد کە بەگوێرەی دەستووری کاتی دەستووری هەمیشەیی پەسەندنەکرێ ئەگەر زۆرینەی دوو لە سێی سێ پارێزگا دەنگیان دژی دەستوور دا.

ئەم پرینسیپە بەسەرکەوتنێکی لەڕادەبەدەر لەقەڵەمدرا بۆ کورد زۆر کەس بە مافی ڤیتۆی لەقەڵەم دەدەن بۆ کورد. بەڵام خۆ سێ پارێزگای شیعە و سوننەش دەتوانن سوودی لێوەربگرن و دژی بەرژەوەندی کورد بەکاری بێنن. دەزانین کە سەددامیەکان و کۆنە بەعسیەکان لە مانگی ئابەوە بەئاشکرا دەڵێن کە دەیانەوێ سوود لەم ماددەیەی دەستوور وەربگرن و هەوڵێکی جددی دەدەن بۆ ئەوەی کە وا لە دانیشتوانی شارە سوننیەکان بکەن کە دژی دەستوور دەنگ بدەن. واتە ئەو ڤیتۆیە کوردیە هەرئەوەندە هی کوردانە کە هی سەددامیەکانە.

ئەگەر حیسابی ژمارەی دانیشتوانیش بکەی خۆ کوردستان هەر زەرەریەتی لەبەر ئەوەی پارێزگاکانی کوردستان دانیشتوانیان زۆر لە پارێزگاکانی عێراق زیاترە جگە لە بەغدا و بەسرە و موسڵ. هەرچەندە کە موسڵ و بەغدا کوردێکی زۆریشی تێدا دەژی. واتە نەزەریەن سێ پارێزگای عەرەبی کە دانیشتوانیان بۆ نموونە لە یەک ملیۆن تێنەپەڕێ دەتوانن دژی ئەو دەستوورە دەنگ بدەن و لەوغی بکەنەوە کە پێنج ملیۆن کورد پێیوایە بۆ کورد باشە.

مافی چارەنووسی کورد پرسیارێکی دیکەبوو کە سەرکردەکانی کورد وایان تێگەیاندبووین کە ئەوان هەرگیز سازشی لەسەرناکەن. بەڵام بەهیچ شێوەیەک وشەی مافی چارەنووس ناوی نەهێنراوە لە دەستووردا. سەرەڕای ئەوەش بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی لە 22 ئاب لە ڕۆژنامەی خەبات دەڵێ: "مافی چارەی خۆنووسین وەکو پرینسیپێک لە دەستووردا هاتوە و شێوازی دارشتنەکەی جودایە، لەدەستووردا ئاماژە بەوە دراوە ئەگەر لایەنەکانی دیکە ڕێزی دەستووریان نەگرت، ئەوا کورد ئازادن، کە چ بڕیارێک دەدەن". کاتێ کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا گەڕایەوە، پاش ئەوەی کە بڕیار لەسەر ڕەشنوسی دەستوورەکە درا،

له 29 ئاب له هەولێر ئەویش پەنجەی بۆ ئەمە دەقە ڕاكێشا و وای لەخەڵک گەیاند کە دەستوور مافی چارەنووسی تێدایە بۆ کورد.

قسەکانی ئەو دوو بەڕێزە هیچ بناغەیەکیان نییە. بەپێچەوانەوە نووسراوە ئەگەر "لایەنەکانی دیکە" نەک کورد" ڕێزیان لە دەستوور نەگرت"، واتە نەک لە ڕاپرسی گشتیەکە بەڵکو هەرڕۆژێ لەڕۆژان ڕێزیان لە دەستوور نەگرت. پرسیار ئەوەیە چۆن و کێ پێناسەی ئەو ڕێز لە دەستوورنەگتنە دەکا و ئامادەیە و دەسەڵاتیشی هەیە کە ڕێگە بە کوردەکان بدا کە بۆخۆیان بڕیارێک وەربگرن. ئەو دوو بەڕێزە وای دەخەنە ڕوو کە بەڕێکەوت تەعبیر لە مافی چارەنووس "بەشێوازێکی جودا" نووسراوە، نەک پاش ململانێیەکی درێژخایەن و سازش و تەنازولات. ئەگەر ڕاست دەکەن و مافی چارەنووس مەبەستیانە بۆچی "بەشێوازێکی جودا" دەینووسنەوە بۆچی بەڕوونی و ئاشکرایی نایونووسن و ویژدانی خۆیانی پێ ئارام ناکەن؟

پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو بەڕێزانە ڕاست دەفەرموون یان بەڕێز حاکم دارا نورەدین کە خۆی ئەندامی لێژنەی نووسینی دەستووربوو. حاکم دارا لە ناوەڕاستی مانگی ئاب لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەڵێ: " بەرپرسانی لیستی هاوپەیمانێتی شیعە تا ئێستا ئامادەنین لە دەستووردا دان بە مافی چارەی خۆنووسیندا بۆ گەلی کوردستان بنێن." پاشان بەردەوامدەبێ و پەنجە بۆ چەند خاڵیکی زۆر گرنگ ڕادەکێشی کە بۆ هەرسێ لا، واتە کورد و سوننە و شیعە، خاڵی سوورن. حاکم دارا دەڵی کۆمەڵێک خاڵی گرنگی تایبەت بە کوردستان و عێراق ساغ نەبوونەتەوە چونکە سوننە و شیعە ئامادەنین ئەو خاڵانە قبووڵ بکەن. دەڵی لەپێش هەمووشیانیشەوە داننانە بە مافی بڕیاری چارەنووسە بۆ کورد. واتە سوننە و شیعە بەهیچ شێوەیەک قبووڵی ئەوەیان نەکردوە کە تێگەی "مافی چارەنووس" بکەوێتە ناو دەستوور. سەرکردەکانیشمان کە هەزاران هەزار ڕۆڵەی کوردیان کردۆتە قوربانی "مافی چارەنووس" دەڵێن "بەشێوازێکی جودا" نوسراوە.

باشە ئەدی سنووری کوردستان، ئەدی ناوچە تەعریبکراوەکان و گەڕانەوەیان بۆ سەر پارێزگاکانی کوردستان،ئەدی مانەوەی عێراق لە ئوممە و جامعەی عەرەبی، ئەدی دابەشکردنی سامانی سروشتی کوردستان، سوپای کوردستان و هێزی پێشمەرگە کە کران بە "حەرەس قەومی". ئەگەر هەر ڕازیش دەبوون نابایە ناوی "حەرەس قەومی" یان قبووڵ بکردایە. ئەدی دەوڵەتی عیلمانی و ماف و ئازادی ژنان و مافەکانی مرۆڤ چیان بەسەرهات؟

لە ماددەی نۆیەم خاڵی د نوسراوە کە دەزگاکانی ئاسایش دەبێ ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن. لە ماددەی 43 نوسراوە کە ئەو دابە عەشیرەتیانە قەدەغەدکرێن کە دژی مافەکانی مرۆڤ بن. تەنها لە ماددەی 44 باسی ماف و ئازادی تاک هاتبوو پەنجە بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕاکێشرابوو بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکانی نێونەتەوەیی. بەڵام نزیکەی دووهەفتە دوای ئەوەی کە ڕەشنووسەکە تەسلیمی پەرلەمان کرا لە بەغدا لەسەر داخوازی لایەنی سوننە و شیعە هەندێک گۆڕانکاری لە ڕەشنووسەکە کرا. بەڕێز د. فوئاد مەعسوم لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە 15 ئایلولدا دەڵێ هەندێ دەستکاری 4 ماددەی ڕەشنووسەکە کراوە و ماددەی 44 یش بەتەواوەتی لەدەستوور لابراوە. سەرەڕای ئەوەش ناوبراو دەڵی "گۆڕانکاریەکان جەوهەری نین".

لەدەستووردا هیچ گەرەنتیەک نییە کە مافەکانی مرۆڤی هاونیشتمانی عێراقی دەپارێزرێ. ئایا دیموکراتی بەبێ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ (حقوق الانسان) بەپێی دەستووری نەتەوەیەکگرتوەکان دەبێ؟

پێموایە لەم خاڵەشدا هەر شیعە بە مەبەست ڕێگەی نەداوە کە تێگەی "مافەکانی مرۆڤ" وەکو پرینسیپێکی بنەڕەتیبەراشکاوی لە دەستووردا پەنجەی بۆ ڕاکێشرێ. هۆی ئەمەش، بە ڕای من، دەگەڕێتەوە بۆ بنەڕەت و ناوەڕیکی دیاردەی مافەکانی مرۆڤ بەوشێوەیەی کە نەتەوەیەکگرتوەکان خەباتی بۆ دەکا. تێگەی مافەکانی مرۆڤ تیگەیەکە لەڕۆژاوا سەریهەلداوە و لەسەر بناغەی ماف و ئازادی تاک دروست بووە. تاک لێرەدا سەروەرەو هەمووشتێک بەدەوری تاکدا دەخولێتەوە. دەتوانم بڵێم بەرژەوەندی و ماف و ئازادی و بەختەوەری تاک لەسەرووی  بەرژەوەندی گشت و کۆمەڵگاوەیە.

ئەمجۆرە بۆچوون و تێروانینەی وڵاتانی رۆژاوا نەک تەنها لەگەڵ بنەما و بیر و بۆچون و پرینسیپەکانی ئاینی ئیسلام و کولتوور و نەریتی موسڵمانان و عەرەب بەڵکو لەگەڵ هی زۆر لە ئاین و کولتوورەکانی دیکەش یەکتری ناگرنەوە. ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ تەنها قەدەغەکردنی ئەشکەنجە نییە لە گرتووخانەکان، بەڵکو بەشێکی جودانەکراوەی زۆر گەورەیە لە سیستەمی سیاسیی، ئیداری، کۆمەڵایەتی دەوڵەت. مافەکانی مرۆڤ وابەستەیە بە ڕێزلێنان و چۆنیەتی و شێوەی هەڵسوکەوت و گفتوگۆ و مامەڵەکردنی تاکەکانە لەگەڵ یەکتری. شیعە باش دەزانێ کە مافەکانی مرۆڤ ناتوانێ بەپێی پێویست پارێزراوبێ لە وڵاتێکدا کە ئاینی ئیسلام سەرچاوەی بنەڕەتی یاساداناني بێ. دەبێ یان ئەوەیان هەڵبژێری یان ئەوی دیکەیان.

نوێنەرانی کورد لەوەدا سەرکەوتووبوون کە زمانی کوردی بکەن بە زمانی ڕەسمی عێراق هاوشانی زمانی عەرەبی. من دڵنیام لەوەی کە ئەم دەستکەوتە زۆر گران لەسەرمان کەوتوە. بۆ بە ڕەسمیکردنی زمانی کوردی دوورنیە کورد سازشی لەسەر هەندێ ئامانج و مافی چارەنوسساز کردبێ بۆ نموونە دواخستنی چارەسەری مەسەلەی کەرکوک و ماددەی 58 بۆ کۆتایی ساڵی 2007، یان پشتگوێخستنی گێرانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکان بۆسەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، یان چۆنیەتی دابشکردنی بەرووبوومی سروشتی کوردستان، یان مافی بڕیاردانی چارەنووس.

هەڵبەتە نەک هەر گرنگە بەڵکو هەردەبێ زمانی کوردی لە کوردستاندا زمانی ڕەسمی بێ، ئەوە گومانی تێدا نییە. من دەڵیم دەبایە کوردی ببێتە تاکە زمانێکی ڕەسمی هەرێمی کوردستان، نەک وەکو ئێستا کوردی و عەرەبی. ئەکاتە ئەو فەرمانبەر  وکاربەدەستەی کە کوردنین و لە کوردستان کار دەکەن بەناچاری خۆیان فێری کوردی دەکرد، ئەگەر نا نەیاندەتوانی لە کوردستان کاربکەن. بەڵام ئێستا کە هەردوو زمانەکە لە سەرتاسەری عێراقدا ڕەسمین هەروەکو جاران ئەو عەرەبانەی لە کوردستانیشدا کاردەکەن پێویست ناکا خۆیان فێری کوردی بکەن. ئەگەر فێریشیبوون سوودی بۆ کورد چییە؟

نەک جارەک پەنجاجاریش لە دەستوور بنووسرێ منداڵانی بەسرە و ڕومادی، فەلووجە نایانەوێ فێری کوردی بن. کاربەدەستان و فەرمانبەرانی عەرەب و ئاسووری تورکمانیش لە موسڵ و بەغداو عمارە فێری کوردی نابن. ئایا ئەوە ڕاستەو کارێکی مرۆڤانەیە کە فێربوونی زمانی کوردی بەسەر منداڵانی بەسرە و ڕمادی دا بسەپێنین؟ بۆچی ئێمەی کورد نارەزایی خۆمان دەردەبرین دژی ئەوەی کە ناچاردەکرێین فێری فارسی و تورکی و عەرەبی ببین و بەو زمانانە بخوێنین؟ گریمان منداڵانی بەسرە و فەلووجە فێری کوردی بوون سوودو بەرژەوەندی ئەوفێربوونەی ئەوان بۆ کورد چیە؟ ئەگەر سەرکردەکانمان ڕاستدەکەن  با کارێکیان بکردایە کە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی ئەنجوومەنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق بە کوردی بنووسرابایە. ئەم ماڵپەرە تابڵیی گرنگە و تابڵیی زانیاری تێدایە لەسەرعیرا ق و پرۆسەی دیموکراسی عێراق و دەستووری کاتی و هەمیشەیی عێراق و یاساکانی هەڵبژاردنەکان و گەلێ شتی دیکەش. تەنانەت دەستووری کاتی عیراقیشی تێدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم ماڵپەرە دەبێ بەزمانی عەرەبی و کوردی ئنگلیزی هەبێ. بەزمانەکانی

عەرەبی و ئنگلیزی دەمێکە هەن، بەڵام لەکاتی نووسینی ئەم وتارەش 08/10/2005 هێشتا کە بەشەکوردیەکەی دەکەیتەوە نوسراوە "چاوەڕوانبن". ئەمە لەاکاتێکدا کە لە 1991 و 1992 ەوە لە کوردستانی باشور ئینتەرنێت هەبووە و مرۆڤی ئاسایی توانیویەتی بەکاری بێنێ. ئەوە کەمتەرخەمیە، بێدەسەڵاتیە یان بەمەبەست شاردنەوەی ڕاسیەکانە لە کورد؟

پێناسەکردنی مەسەلەی کەرکوک چارەسەرکردنی مەسەلەکە بەگوێرەی ماددەی 58 شەرمەزاریەک و هەرەسێکی گەورەیە بۆ کورد. لەوێدا زیاتر باسی گیروگرفتی مولکیەت، وەزیفە تەهجیر و گەڕانەوەی تاکەکانە بۆناو شار و لادێکاندا. باسی ئەوەناکا کە بەعس چی بە دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک کردوە. باسی تەعریبی کەرکوک ناکا. کەرکوک و پەناهەندەکانی کەرکوک و ماڵ لێزەوتکراوەکانی کەرکوک وەکو هەر شوێنێک و کەسێکی دیکەی عێراق چاولێدەکری!

هەرچەندە لە دەستووری کاتی نەنوسرابوو کەی ماددەی 58 جێبەجی دەکرێ بەڵکو نووسراوە (من خلال الفتره الزمنية المعقولة) بەڵام خەڵک چاوەڕیی ئەوەبوون کە حکومەتی ئنتقالی ماددەی 58 جێبەجێ بکا پێشی هەلبژاردنی سەرەتای ئەمساڵ. ئێستاش وەکو ئاشکرابووە ماددەی 58 ی شەرمەندی کوردان دواخراوە بۆ دواڕۆژی ساڵی 2007. ئەم دواخستنە لە نیازپیسی هیچ ڕوونکردنەوەیەکی دیکەی نیە. لایەنی عێراقی نیازیان خراپە، وەزیری ناوخۆیی عێراق و سەرەک وەزیران، الجەعفەری، بەئاشکرا نیازپیسی لایەنی عەرەبیان پێشانداوە. بۆیە لەم چەندرۆژەی دواییدا سەرۆک کۆماری تاڵەبانی بەئاشکرا پێشانی داوە کە کێشەیەکی زۆر هەیە لە گەڵ سەرەک وەزیران بەتایبەت لەسەر مەسەلەی کەرکوک. الجەعفەری و کابینەکەی بەڵێنیاندا کە کوردە پەناهەنداکانی کورد لەماوەی یەک مانگدا دەبێ بگەڕێنەوە کەرکوک کەچی پاش پێنج مانگ هیچیان نەکرد.

سەرکردەی کوردی ساویلکە و خۆشباوەڕ واتێدەگەن کە مەسەلەکە شەخسی الجەعفەری یە یان چەند کەسانێکی دیکە هەربۆیەشە داوادەکەن کە الجەعفەری دەست لەکاربکێشێتەوە لەجیاتی ئەوەی کە بێنەوە هۆشخۆیان و دەست لە عێراق و عێراقچییەتی بکێشنەوە. ئەوە سەرکردەکانی لایەنەکانی عێراقی چەند ساڵە هەفتە بە هەفتە مانگ بەمانگ سوود لە وەخت وەردەگرن و جێی پێی خۆیان دەکەنەوە سوپا و میلیشیا و دامودەزگا و هەوادار بۆخۆیان پەیدادەکەن. سەرکردەکان و سیاسەتمەدارانی دیکەی عێراقیش، بە سەددامەوەش، هەر بەم شێوەیەمامەلە و ڕێکەوتنیان لەگەڵ کورددا کردوە. هەمووەدەم وایان لە کورد کردەوە کە ڕۆژ و کاژمێرەکانی ئاخەر تەنازول دوای تەنازل بکەن.

الجەعفەری دەستی خۆی دەوەشینێ و دەڕوا، کارێکی دیکەی دەدەنێ یان دەیکەنە وەزیرێک لەجیاتی سەرەک وەزیران. پەنجا کەسی دیکەی وەکو الجەعفەری هاتن و دەستی خۆیان وەشاند و ڕۆیشتیشن. لە داهاتوشدا هەر وادەبێ. ئەوە بەڕیکەوت نییە کە الجەعفەری یان وەزیری ناوخۆ ئەم سیاسەتەیان گرتۆتە بە. ئەوان و ئەوانەش کە ئەوانیان داناوە دەزانن چی دەکەن و دەبێ چی بکرێ. ئەوان واج بو وەزیفەیان ئەوەیە کە بێن دەستی خۆ بوەشینن لە کاتی ناسک و چارەنوسساز.

کێشە و موشکلەی کورد نەلەگەڵ عبدولکەریم قاسم بوو، نەلەگەڵ سەددام حوسەین بوو، نەلەگەڵ تارق عەزیز بوو نەلەگەڵ حزبی بەعس بوو نەلەگەڵ سیستانی و الجعفەریە و نەلەگەڵ حزبی الدعوەشە. کێشەی کورد لەگەڵ ناشیۆنالیزم و پانعەرەبیزمی عەرەب و ئوممەی عەرەبی و عێراقچیەتی بووە و لەم چەند

ساڵەی دواییدا ئیسلامی سیاسیشمان بۆ زیاد بووە. رووخانی بەعس و زیندانیکردنی سەددام دادی کوردی نەدا و دەستکێشانەوەی الجعفەریش لەحوکومدا دادی کورد نادا.

الجەعفەری خۆی دەزانێ کە ئەگەر دەستیش لەکارەکەی نەکیشێتەوە هەر چەند مانگێکی ماوە لەسەر حوکم پاشان یەکێکی دیکە دێت و چێگەی دەگرێ بۆ ئەو ئەوە گرنگە کە تاکو لەسەر حوکمە دەستی خۆی بوەشێنێ و بگاتە ئامانجە دەستنیشانکراوەکان. الجەعفەری نە مام جەلال تالەبانی و نە کاک مەسعود بارزانی شیعەکانە کە ختابی سیاسی و دوارۆژی شیعە و عەرەبی عێراقی لەدەستبێ و خاوەن دوابڕیاربێ وکەس نەتوانێ قسە لە قسەی بکا. من پێموابێ ناوبراو بەبێ رەزامەندی و "بڕیاری" مەرجەع بڕیاری گەورە نادات.

وەکو دکتۆر بورهانەدین یاسین دەڵێ ئەو ئامانجەی کە حکومەتەکان و سەرکردەکانی عێراقی لە 1920 ەکانەوە تاکو ئەمڕۆ بە ناپاڵم و ئەنفال و کیمیاباران بۆیان نەهادی دەی ئێستا ئێمەی کورد خۆمان بەدەستی خۆمان بەناوی دیموکراتی بۆیان جێبەجێ دەکەین.

## بۆچی کورددستان نەبوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟

"کاتێ کە ڕەشەبا هەڵدەکا هەندێ کەس حەوشە دروست دەکەن و خۆیان دەشارنەوە و هەندێکیش ئاشی باگەڕ دروست دەکەن." (قسەیەکی دێرینەی چینی).

دەتوانرێ هەرەسهێنانی سۆڤیەت و ڕووداوەکانی 11 ئەیلولی 2001 وەکو ڕەشەبا سەیربکرێ و سەرکردەکانی کورد وەکو دروستکەری حەوش و ڕابەرانی تەیمووری رۆژهەلات و کرواتیا و سلۆڤانیا و بۆسنیا و بەلانی کەن 20 گەلی دیکەش دروستکەری ئاشی باگەڕ.

لەسەرەوە پەنجەم بۆ ئەو مەرجانە ڕاکێشا کە بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی دەبێ بەدیبکرێن بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت و ئیحتمالی دانپێدانانی ئەو کیانە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ و سەروەر. هەروەها ئەو مەرجانەی کە دەبێ لە نێوان گروپێکی ئەتنیکیدا یان کۆمەڵێک مرۆڤدا بەدیبکرێت بۆ ئەوەی ئەو گروپە بە "نەتەوە" لەقەڵەم بدرێ بریتین لە زمان و خاک و مێژوویەکی هاوبەش. بەڵام هیچ لەوانە بە تەنها و بە جووتەش تێری ئەوە ناکەن کە گروپێک بە نەتەوە لەقەڵەم بدرێ. بۆ نموونە زمانی ئنگلیزی و ئیسپانی و فەڕەنسیش بۆتە زمانی زگماک و ڕەسمی زۆر "نەتەوە" و "دەوڵەتیش" کە زووتر کۆڵۆنی ئەو وڵاتە ئەوروپاییانەبوون. زۆر لەو وڵاتانەی کۆڵۆنیکراو خەبات و مێژوویەکی هاوبەشیشیان هەیە لە خەباتی ڕزگاریدا.

بەواتایەکی دیکە ئەو مەرجانەی کە لەسەروە پەنجەم بۆڕاکێشان تێرناکەن نە بۆ بوونی نەتەوە و نە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. سەرەڕای ئەومەرجانە چەندمەرجێکی دیکە هەن کە دەبێ بەدیبکرێن هەم بۆ دروستکردنی دەوڵەت هەم بۆ پێناسەکردنی گروپێک وەکو نەتەوە. لەهەموو ئەومەرجانە گرنگتر "ناسنامە" و "هەست" و "ویستی" هاوبەشی مرۆڤەکانە بۆ بەیەکەوەژیان و پێناسەکرنی خۆیان وەکو ئەندامی ئەو نەتەوەیە یان هاونیشتمانی ئەو دەوڵەتە. بوونی سیمبۆڵ و دیاردەی هاوبەشیش کە خەڵکەکە لەدەوری کۆببنەوە و ببێتە بەشێک لە شوناسنامەی خەڵکەکە چەند مەرجێلی دیکەی گرنگن. بۆ نموونە ئاڵا، رۆژێکی پیرۆزی هاوبەش وەکو نەورۆز بۆ کورد و ئێرانیەکان، سەرکردەیەکی گەورەی مێژوویی هاوبەش.

حیزبی کۆمەنیست لە یەکیەتی سۆڤیەت و یوغسلاڤیا بە کوتەک کۆمەڵێک نەتەوەیان بەیەکەوە لکاند و ئەو دوو دەوڵەتیان دروستکرد. کاتێ کە حزبی کۆمەنیست لەم وڵاتانە هەرەسیان هێنا نەک تەنها ئەو دوو دەوڵەتە یەکگرتوە هەڵوەشانەوە و زۆر لە نەتەوەکان دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان دروستکرد، بەڵکو زۆر لە گرووپە ئەتنیکیەکان کەوتنە گیانی یەکتر و شەڕی قەلاچۆ لەگەڵ یەکتردا بەتایبەت لە یوغسلاڤیا. هۆکاری سەرەکی ئەو دیاردە ترسناکە نەبوونی دڵسۆزی و ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەش و هەستێکی هاونیشتمانی هاوبەشبوو لە نێوان گرووپە ئەتنیکیەکان. سەربەکان و ڕووسەکان لەڕێگەی حیزبی حاکم و دامودەزگاکانی داپڵۆسین بەزەبری کوتەک ئەم دەوڵەتە دەستکردانەیان ڕاگرتبوو. عێراقیش لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە لە 1921 تاکو ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەزەبری کوتەک ڕاگیردرابوو.

لە ساڵی 1991 ەوە بۆ ساڵی 2003 پارتی و یەکیەتی نەک تەنها نەیانتوانی و نەیانویست هەستی ناشیونالیزمی لە کوردستانی باشوور پتەو و بەهێزبکەن و ناسنامەی کوردستانیەتی گەشەپێبدەن و دانیشتوانی کوردستان هۆشیاربکەنەوە و زەمینە خۆشبکەن بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە ڕۆژگارێکی کورتدا. بەپێچەوانەوە ئەوان ئەوەندی کە هەشبوو لەناویانبرد یان هیچ نەبی زۆر کز و لاوازیانکرد و بەشبەشیانکرد. ئەگەر زووتر کەمێک حەساسیەت و ناکۆکی هەبووبێ لەنێوان خەڵکی ناوچەی بادینان و سۆران، بەتایبەت ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکیەتی، ئێستا ناکۆکی و دوبەرەکیەکان دەقاد و بگرە سەدقادیش زیادبوونە. دوو پارتە حاکمەکەی کوردستانی باشوور بەدوای دیاردەی هاوبەش و پۆزەتیڤانەدا نەگەڕان بۆ لەناوبردن یان کەمکردنەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی و نامۆیی لە نێوان ئەندامانی هەردوو حیزبەکەدا، لە نێوان ناوچەی سۆران و بادینان و زاراوەی  هەروەها سۆرانی و بادینانی. بەپێچەوانەوە ئەوان بەدوای دیاردە و ڕووداوی دزێو و ناشیریندا گەڕاون و مێشیان لەیەکتری کردۆتە گامێش بۆ تێکدان و ماڵوێرانی کورد.

سەرکردەکانی کورد نەک هەر حکومەتەکەی هەرێم و خاکی ڕزگارکراوی کوردستانیان کرد بە دوو میرنشینی خوێنخۆر و لە دوژمن دوژمنتر، بەڵکو بیری جەمسەرگرتن (دوالیزم و پۆلاریزم) یان پیادەکرد. لێرەدا مەبەست لەدابەشکردنی کورد و کوردستانە بەسەر دوو سەنگەری دژ بەیەکتر. شێوەی بیرکردنەوەی "ڕەش یان سپی"، "باش یان خراپ"، "دوژمن یان دۆست"، "دڵسۆز یان ناپاک و خایەن" تەواو بەسەر دانیشتوانی کوردستانی باشوور زاڵ بوو. هەموو دیاردەیەک و هەموو لایەنێک و هەموو مرۆڤێک بەپێی پێوەری ئەم جەمسەرگرتنە سەیرکراوە و هەڵسەنگاندراوە. سیاسەتی جەمسەرگرتن وایکرد کە زۆر یان کەم هەموو کەسێکی دانیشتووی کوردستانی باشوور لە پشت چاویلکەی حزبایەتیەوە سەیری دونیا بکا.

ئەندامەتی یان هەواداری کوردی باشوور و بەشەکانی دیکەی کوردستان، و  تەنانەت کەمەنەتەوەکانی کوردستانی باشووریش، بوون بە شوناسنامەی خەڵک. جەمسەرگەری و دژایەتی پارتی و یەکیەتی گەیشتۆتە ڕادەیەک کە خۆشەویستی و دڵسۆزی ئەندامانی هەریەکێک لەو دوو پارتە بۆ پارتەکان زیاترو بەهێزترە وەک دڵسۆزی و خۆشەویستیان بۆ کورد و کوردستان. واتە مرۆڤی کورد بەپلەی یەکەم پارتی یان یەکیەتیە و بەپلەی دووەم "عێراقی" و بە پلەی سێیەم کورد و کوردستانیە.

پارتی و یەکیەتی پرینسیپ و پێوەری فیفتی- فیفتیان بردە ئەوبەشە تەعریبکراوانەی کوردستانیش کە پاش ڕووخانی ڕژێم کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئەوان یان شانبەشانی ئەمەریکا و عێراقیەکان ئەوانیشی لێیە. ئەوە دیاری و یاداشتی ئەو دوو پارتە کوردستانیەیە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان. هیچ دوورنییە عێراقیەکانیش فێری ئەم بەزمە بکەن.

دوومیرنشینەکەی کوردستانی باشوور خەریکە نەورۆزەکەش دەکەنە دوو نەورۆز؛ لایەکیان ڕۆژێکی تەرخانکردوە بۆ پشودان ئەوی دیکە سێ ڕۆژ. میرنشینێکیان ڕۆژانی هەینی و شەمەی کردوەتە ڕۆژانی پشوودان میرنشینەکەی دیکە تەنها ڕۆژی هەینی. لەو میرنشینە دامودەزگاکان ڕۆژێ چوار کاژمێر دەوام دەکەن لەوی دیکەیان شەش کاژمێر. لەولا جۆرە ئۆتۆمۆبیلەک باوە لەلاکەی دیکە جۆرێکی دیکە. لە سیستەمی خوێندن و هاتوچۆ و قەزاشدا دوو میرنشینەکە جیاوازیان زۆرە. پارتەکان گۆرانیبێژ و هونەرمەندەکانیشیان بەسەرخۆدا دابەشکردووە.

دوو میرە کوردستانیەکەی سەردەم میر و سەرکردە مێژوویەکانیشیان بەسەرخۆدا دابەشکرد، لایەکیان خوالیخۆشبوو شێخ مەحموودی نەمری کردۆتە تاجی سەری خۆی و سیمبۆلی وەفاداری و خەباتی رزگاریخوازی کورد لەیەکەی دیکە خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزان. پارتی و یەکیەتی تەنانەت دەستکاری و دەستدرێژیان بۆسەر ئالأی کوردستانیش کردووە. خەریکە دۆستایەتی و پەیوەندی دیپلۆماسیشیان لەگەڵ وڵاتانی دونیا و سیاسەتمەدارانی عێراقیش لەسەر بناغەی فیفتی- فیفتی بنیات دەنێن. سیاسەتی جەمسەرگرتن و ململانێ هەرگیز زەمینە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ خۆشناکا، بەڵکو زۆریش بە پێچەوانەوە.

کوردی کوردستانی باشوور، بەتایبەت سەرکردەکانمان، لە 1991 ەوە تاکو ئەورۆش، ئۆکتۆبەری 2005، سوپا و تەنک و چەک و سەرباز و خاک و دامودەزگامان کەم نەبووە بۆئەوەی دەوڵەتێکی کوردی ڕابگەیەنرێ بەڵکو ویست و ویژدان و بوێری و لێکاتوویی و هەستی بەرپرسیاریەتی و دڵسۆزی نەتەوایەتی و ناسنامەی و کوردستانی. دەزانین کە ئێران و تورکیا لە بەهاری 1991 تاکو ئەمرۆ هەریەکەی سەدجار زیاتر بەئاشکرا هەڕەشەو گەفیان لە کوردستانی باسووری کردوە و گوتویانە ئەگەر کەرکوک یان موسڵ بکەوێتە ژێر دەستی کوردان یان ئەگەر کوردەکان دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنن ئەوان بەهێزی سەربازی پەلاماری 'باکووری عێراق' دەدەن.

زۆر لە دەسەڵاتدارانی کورد و هەندێکیش لە ڕۆشەنبیران و نووسەرەکانیش دەڵێن لەترسی ئێران و تورکیا نەکرا و نەدەبوو دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنین. من پێموایە ئێران و تورکیا هەڕەشە و گەف و گوڕەکانیان لەشوێن خۆیان بووە، چونکو ئەوان باش دەزانن کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەلی وا باش و نایاب بۆ هیچ نەتەوەیەک ڕێکنەکەوتوە و کورد نەک جارێک بەڵکو دەجار مافی خۆی بووە کە دەوڵەت ڕابگەیێنێ. ئەوان ئەوەش دەزانن ئەگەر ئەم دەرفەتە زێڕینیە بۆ هەر گەلێکی دیکە ڕێکبکەوتایە بەزووترین کات دەوڵەتیان ڕادەگەیاند.

دوژمنانی کورد دڵنیابوون کە کورد ئەم دەرفەتە لەدەست خۆی نادا بۆیە بەڕاست و بە چەپ بە وەخت و ناوەخت هەڕەشەیان کردوە. ئایا جێی خۆی بوو کە هەڕەشەکانیان بە جددی وەربگرین؟ وەڵام: نەخێر. چونکە بۆپەلاماردان و هێرشبردنە سەر عێراق ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی پێویستیان بە هاوکاری سەربازی هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کاتێ کە تورکیا ڕێگەی نەدا لەشکری ئەمەریکا لە تورکیاوە بێتە کوردستان و پەلاماری عێراق بدا تەنها کورد وهێزی پێشمەرگە مایەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ سێ و دوو ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری سەربازی ئەمەریکا.

پێشمەرگە و سەربازانی تاکە زلهێزی جیهان، ئەمەریکا، بوون بە هاوکار و هاوسەنگەر و لەیەک بەردەدا بۆیەک مەبەست قربانیاندا. ئەمە دیاردەیەکی مێژوویی و دەستکەوتێکی گەورەبوو بوو بۆ کوردو مەسەلەی کوردی بەرەو پێشەوە برد لەبەرئەوەبوو کە دوژمنانی کورد بەم هاوکارییە لەدوو ڕووەوە زۆر نارەحەت بوون. لەلایەک

لەبەرئەوە کە نەک ئەوان خۆیان بەڵکو کوردی بێکەس و لاواز لە شەوڕۆژێکدا بوو بە دۆست و هاوپەیمان و هاوسەنگەری تاکە زلهێزی جیهانی لەلایەکی دیکە لەبەرئەوەی کە ئەمەریکا لە ناوچەکەدا جگە لە ئیسرائیل دۆستێک و هاوپەیمانێکی دیکەی دۆزیەوە و دەکرا بنکەی سەربازیش لە کوردستان دابنێ. ئەمە بۆ دوژمنان و ناحەزانی ئەمەریکا هەزمکردنی زۆر سەخت بوو. کورد وەکو ئیسرایلی دووەم سەیردەکرا لەلایەن ناحەزانی ئەمەریکا. کورد کۆمەڵێک دوژمنی دیکەی بۆخۆ پەیداکرد و نەشیتوانی بەرامبەر ئەوە دۆستایەتی و پشتیوانی ئەمەریکا بۆخۆی مسۆگەربکا و دەرفەتەکە بقۆزێتەوە.

لەو کاتەدا و لەو هەڵومەرجەدا، کە ئەمەریکا و کورد هاوسەنگەر بوون، لە عێراقدا زیاتر حساب بۆ کورد دەکرا نە تورکیا، نە ئێران و نە سوریاش حەدیان نەبوو پەلاماری کوردستان بدەن. دوو تا سێ جار یەکسەر هەر دوو تا سێ رۆژ دوای هەرەشەکانی تورکیا ئەمەریکاییەکان یەکسەر هاتوونەتە وەڵام و هەڕەشەیان لە تورکیا کردوە و پێیان گوتوون کە هێرشکردنە سەر باکووری عێراق واتە پەلاماردانی لەشکری ئەمەریکایە. بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی ئەمەریکا، وەکو هێزی داگیرکەر، ناچاربوو کە پارێزگاری لە هەموو عێراق بکا چونکە عێراق داکیرکرابوو و سوپا و سەروەری خۆی لەدەستدابوو. ئێران و سوریا دەستیان بەسەریخۆیانەوە گرتوە با نەیبا، چونکە دەزانن کە ئەمەریکا 25 ساڵیش دەبێ ئارەزوودەکا کە یەکێک لەو دوو دەوڵەتە هەڵەیەکی گەورە بکەن بۆ ئەوەی بیانکوتێ. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە هیچ لە دوژمنانی کورد جورئەتی ئەوەیان نەدەکرد کە پەلاماری کوردستان بدەن ئەگەر سەرکردەکانمان دەوڵەتی کوردیان ڕابگەیاندبا یان دەستیان لە کەرکوک نەکێشابایەوە. ئەگەر گەرەنتی ئەمەریکاش نەبایە کورد تاکەی چاوەڕێبکا و تازە لەچی بترسێ؟ چی ماوە بیدۆڕێنی؟ خۆ ئێران و تورکیا لە سەددامیان خراپتر پێناکردین!

ئەگەر پەلاماریشیان بدابایە هەر لەبەرژەوەندی کورد دەبوو، چونکە پالاماردانیان دەبووە دروستبوونی ئەزمەیەکی سیاسی زۆر گەورەی ناوچە و جیهانی کە دەبایە چارەسەر بکرێ. چارەسەرەکەشی هەرگیز بە زیانی کورد تەواو نابوو لەو کاتەی کە کورد گرنگترین ئەکتەری ناوچەبوو.

پرسیار ئەوەیە ئەگەر هۆکارەکانی ڕانەگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردی یان تەنانەت زەمینەخۆشنەکردنیش بۆ ئەومەبەستە مەترسی ئێران و تورکیا نەبوو ئەدی چیبوون؟ هەڵبەتە وەڵامدنەوەی ئەم پرسیارە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام زۆر بەسەرپێی هەوڵ دەدەم پەنجە بۆ هەندێ لە هۆکارەکان ڕابکێشم.

یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان ئەوەبوو کە سەرکردەکانی کورد هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون کە کوردستانی باشوور لە ژێر کۆنترۆڵی ئەوان دەمێنێتەوە لە بەهاری 1991 ەوە. ئەوان وایان دەزانی هەر چەند هەفتەیەک کوردستان بەئازادی دەمێنێتەوە پاش چەند هەفتە وایانزانی چەند مانگێک وادەمێنێتەوە. هەربۆیەش بوو کە هەرچی مولکی دەوڵەتی عێراق، باشتر وایە بڵێم مولکی گەل، هەبوو ئاودیویانکرد بۆ ئێران و بۆ تورکیا.

سەرکردەو دەسەڵاتدارانی سیاسی کورد، کە هەموو دەم لەشاخ و دەشت ودەر خەباتی چەکداریان کردبوو، ئەزموونی دیپلۆماسی و بەڕیوەبردنی دەوڵەت و دامودەزگای مەدەنیان نەبوو لەکاتی ئاشتیدا. ئەوان لەشەر و بۆشەر دروستکراون و شەڕی خۆکوژی و دۆڕاویان بە ئەرکی خۆ زانیوە.

کێشەو دووبەرەکی و ململانێی و بەیەکەوە هەڵنەکردنی شەخسی هەندێک لەسەرکردەکان کارێکی زۆر سلبی هەبوو وای کرد کە کوردستان ببێت بە دووبەشەوە. خۆبەزلزانین و ڕوحگەورەیی سەرۆکی دوو زلهێزەکە وای کرد کە هیچ یەکێک لەوان تەنازل بۆ ئەوەی دیکە نەکا و هیچیان قبووڵی ئەوەیان نەکرد وەکو شەخسی دووەم

یان شەخسی پلە دوو لە کوردستاندا دەسەڵاتداربێ. هەریەک لەوان دەیویست شەخسی یەکەم بێ. ئەوەشی کارێکی مەحاڵ بوو بۆیە دابەشکردنی کوردستانیان بە باشترین ڕیگەچارە دۆزیەوە. هەریەک لەوان لە میرنشینە بچوکەکەی خۆی بوو بەشەخسی یەکەم. واتە تێنویەتی دەسەڵات و بەرژەوەندی شەخسی خۆیان خستە سەرەوەی کورد و کوردستان.

ڕاستە سەرکردەکانی کورد زۆر باسی سەربەخۆیی و کوردستان یان نەمانیان کردوە، بەڵام پێم وایە ڕاستیان نەکردوە و لە ڕاستیدا هەستی نەتەوایەتیان و ویست و ئارەزووی کوردستانێکی سەربەخۆ لایان زۆر لاوازتربووە کە ئێمە تێیگەیشتووین. هەروەها باوەڕیان بەخۆنەبووە و خۆیان و کوردیان بە کەم و نزمتر لە دراوسێکان زانیوە. بێ بوونی باوەڕبەخۆ هیچ مرۆڤێک و هیچ گەلێک ناگا بە ئامانجی خۆی. من پێموابێسەرکردەکانمان وەکو زۆر لە ناشیونالیستە عەرەبەکان سنوورە دەستکردەکەی عێراقیان وەکو دەستکردێکی خواوەند و ئیلاهی زانیوە و دەستکاری کردنیشی وەکو کفر. هەرلەبەر ئەوەیە کە ئەوان زیاتر لە عەرەبی ناشیۆنالیستەعێراقیەکان زیاترە عێراقچیەتیان کردوە و هەوڵی دروستکردنەوەی عێراقیان داوە. خۆشیان ئەم ڕاسیەیان نەشاردۆتەوە بەڵکو زۆر بەشانازیەوە باسی دەکەن. هەرئەوانن کە بەوخت و ناوەخت باسی "برایەتی کورد و عەرەب دەکەن". لێرە مەبەستیان کوردی باشوور و عەرەبی عێراقە. باشە ئەدی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان؟ ئەگەر ئوان عێراق بە دەستکردێکی خوایی و پیرۆز و نەگۆڕاوی نەبینن بۆچی هەوەندە باسی ئەو برایەتیە دەکەن؟

خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە ئایدیۆلۆجی عێراقچیەتی سەرکردەکانی کوردە. سەرکردەکانمان بەرهەم و دەستکردی دەوڵەتی عێراقن و برایەتی کورد و عەرەب و بیری چەپەکانی ئیسلامی و عەرەبێ و ناشیۆنالیزمی عێراقیان بەسەردا زاڵە.

بۆ نموونە هەر یەکسەر پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس دوو پارتە زلێزەکەی حاکمی کوردستان بارەگایان لە بەغدا کردوە و چالاکیەکی زۆر و بێوێنەیان لەوێ نواند و دەستیانکرد بە دابەشکردن و فرۆشتنی ڕۆژنامەکانیان لەوێ. ئەم هەڵویستەیان زۆر سەرنجراکێشێنەر بوو بۆ تەنانەت ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکانیش. لە چەند چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا بەڕێزان تاڵەبانی و نەوشێروان بەئاشکرا و ڕاشکاوی دەڵین بەڵێ ئێمە لەمەودوا دەبێ قورسایی کار و خەباتمان ببەینە بەغدا لەبەرئەوەی ئەوێ پایەختە و ئەوێ مەرکەزە.

لە 30 ی نیسانی 2003 واتە 21 ڕۆژ پاش ڕووخانی ڕژێم بەڕێز تاڵەبانی چوو بۆ بەغدا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ 'المعارضه العراقیه'. ڕۆژی دوای ئەوە زمانحاڵی یەکیەتی، کوردستانی نوێ، بە پیتی زۆر گەورە نوسیبوی کە بەڕێز تاڵەبانی گوتویەتی: " لەبەغدا بیرەوەری زۆرم هەیە گەڕانەوەم بۆ بەغدای ئازاد، وەکو گەڕانەوەمە بۆ باوەشی دایکی نیشتمان. ڕۆژنامەی ناوبراو بەردەوام بەبێ دەڵی کە بەڕیز تاڵەبانی لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات گوتویەتی: " من زۆر زۆر شادم بە هاتنەوە بۆ بەغدا، بەغدا پایتەختی خۆشەویستی خۆمانە، شارێکە من چەندین ساڵی لاوێتی خۆم لەم شارە سەرفکردووە، من کۆلێژی حقوقم لەم شارە تەواو کردوە، لەم شارە خوێندوومە، لەم شارە ڕۆژنامەنووس بوومە هتد..."

ئەگەر ڕۆژنامەکانی پارتی یان عەرەبی، یان تورکی و ئێرانی ئاوایان بنووسیبایە باوەڕمان ناکرد و دەمانگوت تۆمەت بە سەرکردەیەکی کوردی دەکەن. تۆبڵیی سەرکردەکانی عەرەب، بەتایبەت شیعەکان کە لەئێران دەربەدەر و پەناهەندە بوون بەئەندازەی مام جەلال تاڵەبانی دڵیان بە ڕزگاربوونی بەغداو گەڕانەوەیان بۆ بەغدا خۆشبووبێ؟ تۆبڵیی تاڵەبانی ئەوەندە دڵی بە ڕزگاربوونی کوردستان خۆشبووبێ لە 1991 یان بە ڕووخانی

ڕژێمی بەعس وەک لە ئازادکردنی بەغدا و گەڕانەوەی خۆی بۆ ئەوشارە مێژوورەشە کە لەسەردەمی عەبباسیەکانەوە مەرکەزی ترس و تۆقین و زوڵموزۆرداری و کوشتن و بڕین بووە؟

پرسیار ئەوەیە: کێ بەرپرسیارە لە گیانی زیاتر لە 250000 کوردی کوردستانی باشوور کە لە سەرەتای 1960 ەکانەوە تاکو ئەمرۆ بوونەتە قوربانی دروشمی "کوردستان یان نەمان"؟ کێ بەرپرسیارە لە شەهیدەکانی ئەنفالکراو، لە شەهیدە کیمیابارانکراوەکانی هەلەبجە و بادینان و دۆڵی بالیسان؟ کێ بەرپرسیارە لە خاک و گوندە تەعریبکراوەکانی کوردستان؟ ئایا بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی و بەدیموکراتکردنی ئەم دەوڵەتە و بۆ ئەوەی بەڕێز تاڵەبانی و سەکردەکانی دیکەی یەکیەتی و بۆ ڕزگارکردنی بەغدا و گەڕانەوەی خۆیان بۆ ئەوشارە هەزاران رۆڵەی کورد کراوەتە قوربانی؟

لەکۆتایدا دەمەوێ بڵێم کە تەنها سەرکردەکانمان عێراقچیاتی ناکەن و خەباتیان نەکردوە بۆ دامەزراندنەوەی عێراقی عەرەبی، بەڵکو گەلی کوردستان بەگشتی. بەشدارکردنی گەلی کوردستان بەم ڕادە بەرز، دەور و بەری 80%، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق مانگی یەکی ئەمسال نیشانی ئەوە بوو کە زۆربەی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ ئەوەدان کە کوردستانی باشوور لەداهاتووشدا بە عێراقەوە ببەسترێتەوە.

دەنگدان بۆ دەستووری هەمیشەیی لە ناوەڕاستی ئەم مانگە دووپاتکردنەوەی ئەم راستیەیە کە بەڵی کوردی کوردستانی باشوورسەربەخۆیی کوردستانیان ناوێ بەڵکو دەیانەوێ کە کوردستان بەشێک بێ لە عێراقێک کە بەشێکە لە ئوممەی عەرەبی. ئەگەر دەستووری هەمیشەیی دەنگی ئیجابی بۆ بدرێ کورد، بە قسەی دکتۆر بورهان یاسینەوە، دەخرێتە ناو قەفەزێکەوە و کلیلەکەشی دەکەوێتە دەستی دەسەڵاتدارانی عەرەب.